www.xebat.net
چوارشەممە 2018/5/16 ژمارە (5512)

عێراق.. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت

ڕاپۆرت / عەبدولقادر کەلهۆڕ

دوای بە دەستهێنانەوەی شارو شارۆچکەکانی عێراق که چەکدارانی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام) دەستیان بەسەداگرتبوو، ڕۆژی 12 ئایار دەنگدەرانی عێراقی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا کرد. هاوکات چوارەمین پرۆسەی هەڵبژاردنە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە ساڵی 2003 و نزیکەی 24 ملیۆن کەس لە کۆی 38.5 ملیۆن عیراقی تییدا مافی دەنگدانیان هەیە، لەگەڵ دەنگدانی ملیۆنێک عیراقی کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن.

لە دەنگدانی تایبەتدا 700 هەزار عێراقی لە پۆلیس و سوپاو نەخۆش لە نەخۆشخانەکان دەنگیاندا. 8959 بنکەی دەنگدان تەرخان کرابوو بۆ دەنگدانی هاولاتیان و تێیدا 11 ملیۆن کارتی دەنگدان ئامادەکرابوو بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها ژمارەی کاندیدان بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان بریتیبوو لە 7367 کاندید، کە سەر بە 320 حزبی سیاسی و ئیئتیلاف و لیستی هەڵبژاردن بوون، 87 لیست لە 18 پارێزگە دەنگەکان بەسەر کاندیدەکان دابەشدەکرێت بە پێی ریزبەندییان لە لیستەکانیاندا. ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران 327 کورسیە تیایدا 83 کورسی تەرخانکراوە بۆ ئافرەتان و 9 کورسیش تەرخان کراوە بۆ کەمینەکانی وەک کریستیان و شەبەک و صابیئەو ئێزدی و فەیلیەکان و تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش 4 ساڵە.

چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەت

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پەسەندکردنی، سەرۆک کۆمار داوا لە پەرلەمان دەکات لە ماوەی 15 ڕۆژدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتاییدا کۆببێتەوە، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆکی ئەنجومەن و دوو جیگرەکەی بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێرێت. تاکو ئێستا وەک ڕێکەوتنێک سەرۆکی پەرلەمان لە عەرەبی سونە دەبێت و یەکێک لە جێگرەکانی کوردو ئەو دیکەش سونە مەزهەب دەبێت.

دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لەماوەی 30 ڕۆژدا بە زۆرینەی دوو سێیەکی دەنگی پەرلەمانتاران، سەرۆک کۆمارێکی تازە بۆ عێراق هەڵدەبژێرێت، وەکو پێشووتر ڕێکەوتنی لەسەرکراوە ئەو سەرۆک کۆمارە پشکی کورد دەبێت. ئەوکاتە سەرۆک کۆمار سەرۆکی گەورەترین کوتلە پەرلەمان ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی تازە و ماوەی 30 ڕۆژ مۆڵەت دەدات بە ڕاسپێردراوەکەو دواتریش کابینەی حکومەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ پێدانی متمانە. پاشان پەرلەمان دەنگەدات لەسەر پرۆژەو بەرنامەی حکومەتی پێشنیازکراوو هەر وەزیرێک بەتەنیا و پێویستە حکومەت و هەریەک لە وەزیرەکان زۆرینەی زۆری دەنگی پەرلەمان بەدەست بێنن. ئەگەر کەسی ڕاسپێرداو سەرکەوتوو نەبوو لە پێکهێنانی حکومەتی تازەو نەیتوانی متمانەی پەرلەمان بەدەست بێنێت. ئەوکاتە سەرۆک کۆمار داوا لە کەسێکی دیکە دەکات لە ماوەی 15 ڕۆژ حکومەتێکی دیکە پێکبهێنێت و بیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ بەدەستهێنانی متمانە.

سایکۆلۆژیای ئاسایشی نەتەوەیی

کورد و هەڵوێستێکی ئاڵۆز لە داهاتوودا

د. نەسرەدین ئیبراهیم گۆلی*

ڕەنگە یەکێک لە خاڵە ناکۆک یان کێشەو گرفتە مەزنەکانی داهاتووی نێوان کوردو عەرەبی سونەو شیعە لە سیاسەتداو گۆڕەپانی ململانێی پەرلەمانی، شان بە شانی بابەتەکانی پەیوەست بە خۆدی کوردستان و کێشمەکێشەکانی هەولێر و بەغدا، و لە هەمووشیان گرنگتر بودجەی کوردستانیان و جێبەجێکردنی مادەی 140و میزانیەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و... هتد، بابەتی ئاڵۆزی بڕیاردان و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە مان و نەمانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان و بە تایبەت ئەمریکیەکان بێ لە عێراق.

هەر چەند هاوکێشە سیاسیەکان زۆر ئاڵۆزن و تەنها بە خوێندنەوەیەک ناتوانرێتن پەردەی لەسەر لابدرێ، و بەدەرچوونی وڵاتی ئەمریکا لە پەیماننامەی 1+5، هێشتان ناتوانرێتن پێشبینی زۆر شت و ڕەفتار و بڕیاری سیاسی ناوچەیی و جیهانی بدرێتن، تەنانەت وڵاتانی زلهێزیش ناتوانن پێشبینی هەندێ شتی کتوپڕ و ناکاوی بکەن، بۆ نموونە مردنی سەرکردەیەکی وڵاتی ئەمریکا یان ئێران، و یان ڕوودانی سەرهەڵدان و ڕاپەرینێک لە ئێران و لەوانەشە خۆدی ئەمریکا، یان گۆڕینی ڕای یەکێک لەو سەرکردانە یان هەر شتێکی دیکە، و تەنها لەوانەیە ئەو وڵاتە زلهێزانە ئەلترناتیڤی جیاوازیان لە پرۆژە و بەرنامەی کار و چالاکییە سیاسییەکانیان دابنێن نەک ئەنجامێکی کۆتایی بۆ هەر ڕووداو و ڕەفتارێکی سیاسی و دیپلۆماسی و لەشکەری، بەڵام وێرای ئەوانە هەمووی وەک دەڵێن "وەک ڕۆژی ڕوونـاک دیارە "، و پێدەچێ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەش "هەمان ئاش و هەمان کاس" و هەمان ناکوکی و ناتەبایی و ململانێ و دیکتاتۆرێکی دیکە و دیکتاتۆریەتێکی نوێ و بە ناو و دروشم و پرۆگرام و ئایدۆلۆژیا و فەرهەنگێکی جیاواز دێتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت، و بەبێ ڕەچاوکردنی برایەتی و دۆستایەتی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و "شەراکەت"، دروشمی "من و نەتەوە و زمانم لە تۆ پیروزترە" و " زۆرینە و کەمینە "و...هتد، جلەوی کارەکان دەگرنە دەست. ئەوە ڕەشبینی و سادەباوەری نیە، بەڵکۆ ئەو خوێندنەوەیە کە ساڵانێکە ئەزموونی هەر تاکێکی ئەم وڵاتە نیشان دەداتن. ئەمە نیشانەی ڕەشبینی نیە، بەڵکۆ ئێمە زیاتر لە هەر کەس پێمان خۆشبوو هاونیشتمانیانی ئەم وڵاتە، تەنانەت جیهانیش بەتێکرا و بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و نەژادی و فەرهەنگێ و کەلتووری و هزری بەختەوەرترینی مرۆڤەکان بن و هەمومان لە ژێر سیبەری ئاشتی و ئازادی و ئارامی لەم کەشتیە شکاوەی ماندوو پێکەوە بژین، بەڵام ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ هەندێ مرۆڤ و کەس و لایەن و گرووپی دڕندە هەر جارێ خراپتر لە پێشتر بیرمان لە هەموو ئەو شتە ناخۆشانە دێنێ کە نەدەبوو هەبن.

لە بەرامبەر ئەوەشدا و لە سۆنگەی ئەوەی کە هاوپەیمانان و ڕۆژئاواش تەنیا بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان لە ناوچە دەکەن، بەردەوام لەم گۆڕەپانە دا شکستخواردوون، چونکە لە لایەک نەیانتوانیوە کێشەکان بنبڕبکەن و دۆخەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەکرێ، و لە لایەکی دیکەشەوە چارەسەرییەکانیان زۆر کورتخایەن و ماوەیین و زوو ئێکسپاییێر دەبن، بۆیە هەموو نەتەوەکانی ناوچە و بە تایبەت کورد و خەڵکانیتریش تیایدا دەکرێنە قوچی قوربانی هەلپەرستانەی ئەو پرۆژانەیان، کە زیاتر پشت بە ڕێژەی لەوانەیی (ئیحتیمالات) دەبەسترێت نەک بنەمای بەهێزتر و ئەزموون.

بە هەمان ئاراستەش نەتەوە خۆپەرێستەکانی ناوچەکەش لە پیلانگێڕی دژی هەر کەسێک کە لە ناوچەیە بۆ ساتێکیش خۆیان لەو هاوپەیمانانە نێزیک کردبێتەوە ڕژدتر دەبن و تەنانەت زۆر لە جاران خرابتر و دڕندانەتر هەڵسوکەوت دەکەن، و پێداگری لەسەر هەڵسوکەوتە تۆڵەسەنێرەکانی خۆیان دەکەن نەک وردبوونەوە لە ناخ و قولایی کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرە مامناوەندییەکان، و بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەی دێرینی کورد و خاوەنە ڕەسەنەکانی ئەم ناوچەیە کە لە هەمان کاتدا جگە لە خۆپارێزی لە توندوتیژی و ململانێ، ئەوەندەش حەز و ئارەزوو و خەسڵەتی ناشرین و ناکەلتووری نەتەوەپەرێستی و دەمارگیری ئایینی-نەتەوەیی-ئایدیۆلۆژیکی هەرگیز بەشێک نەبووە لە کەلتوورە جوانەکەی و هەمیشە پێداگری لەسەر برایەتی و پێکەوە ژیان و ئاسوودەیی و برایەتی کردووە، کەچی ئەوان بە بیروباوەرە پارانۆیانەی پڕ لەگۆمانی خۆیان هەر جارە و خرابتر لە پێشتر ڕەفتار و کرداریان ئەنجامداوە، و نموونەی دیاریشیان کارەساتەکانی 16 ئۆکتۆبەر و عەفرین بوون. ئەگەرچی هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە ڕۆژئاوا لە لایەلای بەرژەوەندییەکانیان ون بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و وێرای هەموو ئەو بەرژەوەندی و کۆبوونەوەکانی ژێر بەژێر و لێدوانەکانی دیپلۆماسی، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە تورکیا و ئێران و عێراق و زۆر وەڵاتی ناوچە وەک جاران ئەو ڕوانینەیان بۆ ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکییەکان نیە، و خاڵە هاوبەشەکانی ئەو سێ وەڵاتە و ناوچە لەگەڵ یەکتری زۆر زیاترە لەهی ئەوان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەوەش لە ئایندە دا ئەو وەڵاتانە زۆر لە یەکتر نێزیک دەکاتەوە بە تایبەت لە دژی مانەوەی هاوپەیمانان لە ناوچە و عێراق. دیارە خاڵی هەر بەهێزیش کورد و دەوڵەتێکە بەناوی کوردستان، کە کورد وێرای زۆر گرفتی دەرەکی و ناوخۆیی، لەوە دەچێ وا بە ئاسانی دەستبەرداری نەبێ و بە تایبەت پاش ئەو ئەنجامە دیرۆکیەی لە ریفراندۆمی 9/25 دەستیکەوتووە، و بەتایبەت ئەو بەرەیەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی پێشەوایەتی دەکات و گەیشتن بەو مافە بە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ گرفتەکانی کوردستانیان دەبینێ، وێرای هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی و بەڵێنەکانیان، کە هەمیشە بینیومانە شتێک نەبووە جگە لە بلّقی سەر ئاو کە ماوەیەک ماوە و دواتر لە نێو چووە و هەموومان هاتووینەتە سەر خاڵی ژێر سفرەوە. لە کاتێکدا ئەوە هەرگیز ئاواتمان نەبووە.

نەتەوەکانی ناوچە، کە جێگەی داخە، و بە پێژەوانە بانگەشە و هەراوهۆریای ڕاگەیاندن و قسەکانیان، کە نیشاندەری ئەوەن کە هیچ شتێک لە مێژوو نازانن یان خۆیانی لێ لە گێڵی دەدەن و خۆیان بە خاوەنە ڕەسەنەکانی ناوچە و کورد و نەتەوە ڕەسەنەکانی دیکە بە میوان یان داگیرکەر و "تیرۆریست" هەژمار دەکەن، تاوەک بە خەڵک و جیهان بڵێن ئەوان بەم بۆنەیەوە دژایەتی کورد دەکەن، زۆریان هەر لە بنەڕەت و سەرەتا دا یان میوان یان داگیرکەربوونە و لە چەند ساڵی ڕابردوو بە شێوازی نایاسایی و داگیرکردن و فرت و فێڵ و شێوازی دیکە هاتوونەتە ناوچە و ئەمرۆ فەلسەفە لەسەر کورد و نەتەوە ڕەسەنەکانی لێدەدەن. ئەوان ئەمرۆ توشی لووتبەرزی سیاسی و نەتەوەیی هاتوون و خاوەن ماڵ لە ماڵەکەی خۆی دەردەکەن، لە داهاتوو و لە پێناو ڕێگری لە دابەشبوونی وەڵاتە دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانیان هەر کارێک دەکەن و لاریان نیە تەنانەت زیانی زۆر گەورەتریش لە هەموو کارەساتانی پێشووتر بە سەر کورد بێنن. تەنانەت زۆر ئاساییە بە یەک دەنگ و یەک هەڵوێستداوا لەو هێزانە بکەن کە ئەوان بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و جیهانیان و ڕوژاندنی هەستی مۆسڵمانانی شیعە و سۆننە، بانگەشەی ئەوەیان بۆ دەکەن کە ئێمەی نەتەوەی کورد و بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل یان هەر کەسێک کە ئەوان حەزیان لێ بێ بۆ ناوزڕاندنی کورد بۆختانی پێوە بنێن، پیشان بدەن کە مەترسین بەسەر بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانیان، کەچی لە ڕاستیدا وانیە و مەترسیەکە سیاسییە. چونکە کەس بە ئەندازەی خودی ئەو نەتەوانە مەترسیان لە سەر ئایین و کۆمەڵگا و وەڵاتانی خۆیان دروست نەکردوو و هزاران نموونە دە توانن ئەو قسەیە بسەڵمێنن، لە هەمووی بچووکتریش پشتەوانیانە لە ڕێکخراوە توندهاژۆییەکانی ناوچەکە و لە هەمووشیان دیارتریش ڕێکخراوی تیررۆریستی داعش بوو کە بە ملیۆنەها دۆلار لەم وڵاتانە هاوکارییان وەردەگرت.

ئەو نەتەوە و وەڵاتە داگیرکەرانەی ناوچە، ئێستا و وەک هەمیشە و زۆر جاری پێشووتر و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و تەنها بۆ ئەوەی دەستیان لە داگیرکاری کراوەتر و ئاوەڵاتر بێ، ڕۆژئاواییەکان بە کۆسپی بەردەم پاوانخوازی و داگیرکاری خۆیان دەزانن، بۆیە لە ئایندەیەکێ نێزیکدا دەنگی هەموویان بەرزدەبێ تا ئەو هێزانە لەم ناوچەیە بچنە دەرەوە، و پەرلەمانی عێراق، کە وێرای هەموو وتارەکانی دیپلۆماسیانەیان کە دوورە لەم چەندە، بەڵام بێگومان هەژموونی ئێرانی بەسەردا زاڵە ،لەو بابەتە پیشەنگ دەبێ. ئەوە ئەزموونێکی کۆنی ناوچەکەیە و لەو کاتەی کە مەرجەعی شیعی لە ئێرانی پێش یەک سەدە لە دژی ڕۆژئاواو و بوونیان لەو وەڵاتە و هەبوونی بابەتی ئۆلتیماتۆم (واتا دادگەهیکردنی کەسانی بیانی لە وەڵاتی خویان) ، کە ئەمرۆ جۆرێکی ئەو بیرکردنەوەیە داخوازی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایە بۆ ئەوەی کە داعیشەکانی بیانی لە وەڵاتی خۆیان بدرێنە دادگەه، بوونی هەیە. ئا لەم کاتە دا هەڵوێستی کورد دەبێ چی بێ؟ ئەو ڕۆژئاواییەی ئاستەنگی ریفراندۆم بوون و هەندێکیان لە ئاڵۆزترکردنی دۆخی ئەو کات و دواتری، و ئینجا پەیدابوونی 16 ئۆکتۆبەر سەر کاروانیان کرد یان ئەو داگیرکارانەی کە هەر ساتێک لە دەستیان بێ ئەنفال و جینۆساید و حەلەبچە و گەرمیان و ... هتد، کامیان هەلبژێرین؟

لە دوای هەڵبژارتنە لاوازەکەی 5/12 ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی، کە ڕێژەی بەشداربوون لە زۆر شوێن زۆر کەمتر لە 25%بوو و ئەمە خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیار و گۆمانە، و مۆرکێکی نەیاسایابوونی دەخاتە سەر ئەنجامەکانی، یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی ناوچەکانی باشوور (قەیس خەزعەلی) ئۆباڵی دەخاتە سەر شانی بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەت ناوی ئەمریکییەکاناى هێناوە. بۆچوون و ڕەفتاری ناوبراو لە چوارچێوەی تیۆرەکانی دەروونناسیدا دەچێتە نێو خانەی بیردۆزی ژوولیان ڕۆتێر، کە بەناوی سەنتەری کۆنترۆڵکردن (locus of control) ناسراوە، و ناوبراو دەچێتە نێو ئەو گرووپەی کە ڕەفتار و هزر و ئەنجامیان و تەنانەت و بەتایبەت شکستەکانی دەخاتە ئەستۆی فاکتەر و هۆکارە دەرەکییەکان، و بە پێچەوانەی گرووپی دیکەی کە فاکتەرە خۆدی (ئۆبجێکتیڤەکان یان ob-jectives) بە ئەگەری دەرەنجامی کار و کردەوەکانی خۆیان دەزانن، هەوڵ نادات و یان خۆی لێ لە گێڵی دەدات کە خۆدی دەستهەڵات و گەندەڵییە لەبن نەهاتووەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەندێ تاقم و پیاوانی سیاسی و تەنانەت ئایینی لەم وڵاتە هۆکاری سەرەکی بێزاری خەڵک و نەچوونیانە بۆ سەر سندۆقەکانی دەنگدان، نەک ئەمریکییەکان. بەڵام ئەوە واتای ئەوە نیە نکۆڵی لە کاریگەری هێزە بیانییەکان بکرێت. مەزنترین بەڵگەش نەبوونی خزمەتگوزاری لە شارەکانی باشووری عێراقە، کە بۆوەتە هۆکاری زۆرێک لە خۆپیشاندانەکانی جەماوەری، و بە تایبەت ئەوانەی لە لایەن سەماحەتی سەدرەوە پشتیوانیان لێدەکرێت و نیشانەیەکن بۆ ئەوەی بسەڵمێنن هاوڵاتیان لەوپەڕی خراپی و نەهامەتیدا ژیان بەسەر دەبەن. لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتە دۆڕاوەکەی ناوچە و بە تایبەت هەندێ کەس مەزنترین هۆکارە، تەنانەت ئەو وڵاتەی کە پشتیوانی لە ناوبراو و بیروباوەرەکانی دەکات لە دژی ئەمریکییەکان، ئەو وڵاتەیە کە بە پێی ئامار و سەرچاوەکانی فەرمی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو نزیکەی 800 مەلیار دۆلاریان لە کیس میلەتی خۆیان بردووە و گەندەڵی تیایدا کراوە و تەخشان و پەخشان کراوە. ناوبراو، وەک دیارە و هاوشێوە مرۆڤەکان بیردانکی لاوازە و زوو لە بیری کردووە، کە ئەو هێزەی ئەو ئەمرۆ و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئاغاکانی دژایەتیان دەکات، هەمان ئەو هێزانەن کە باب و باپیرانی ناوبراو بەر لە چەند دەه ساڵێک لەو ناوچەیە پشتیوانیان لێکدەکردن و خزمەتکاری ئەڵقەلە گوێی بەریتانییەکان بوون لە پێناو جێبەجێکردنی پیلانەکانیان لە ناوچە و لە دژی خەڵکی هەژار و بێدەستهەڵاتی ئەم وڵاتانە. ئەگەر ناوبراو لە بیر خۆی بردوویەتی یان خۆی لێ لە گێڵی دەدات، بەڵام ئێمەمانان ئەوە لە بیرناکەین چونکە لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا تۆمارکراوە. ئەمرۆ ناوبراو بوونی ئەو هێزانە لە بەرژەوەندی خۆی نابینێ، و وەک باپیرانی ناتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ بۆ چەوساندنی هاونیشتمانیان و بەتایبەت کوردستانیان، بۆیە بە فیتی ئەوان هەوڵەکانی چڕکردووە و "بە هەر دوو لاق چۆوەتە نێو یەک پێڵاو"، کە دەبێ ئەمریکییەکان ناوچەکە چۆڵ بکەن. نەمانەی ئەو هێزانە دەبێتە هەڕەشە لەسەر ناوچەکە، چونکە ئەو کات دەستی گەندەڵکاران لە چەوساندن و کۆشتن و شەڕ و تالانکردن و ململانێیەکان کراوەتر دەبێ.

پاش ئەو ناتوانی یان خەمساردی و لەوانەشە گەندەڵکاری، ئەوانەی لە دۆسیەی پەیوەندی نێوان هەرێم و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هێزەکانی دیکەی لەشکەر و میلیشیا جیاوازەکانی کە ئێستا لە گۆڕەپانی ناوچە و وئەم وڵاتە تەڕاتینێ دەکەن، بەرپرسیارن، دەبێ چ ئۆمێدێک هەبێ کە حکومەتی ئاییندەی بەغدا بە بێ بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان مافەکانی کوردستانیان لەبەرچاو دەگرێ، و هەمان هەڵوێست سەبارەت بە وڵاتانی ناوچەکەش دەبێ پرسیاریان لێ بکرێت. تا ئێستاش گۆمان لە ڕەفتارەکانیان هەیە. لێدوانە دیپلۆماسییەکانی ئەم وڵات و لایەن و نەتەوانە هیچ ئاسۆیەکی گەشی پێوە دیار نییە کە لە دوای دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمانان ئەوان بەزەیی بە کوردستان ببەن و پەندیان لە تاوانەکانی پێشتر وەرگرتبێ و بە چاوێکی دۆستانەتر تەماشەمان بکەن، بەڵکۆ مەترسی ئەنفاڵ و تاوانەکانیتر هەر هەیە. بۆیە باشترین ئەلترناتیڤ مانەوەی ئەو هێزانەیە، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێ نوێنەرانی ئێمە بیر لە چارەسەری دیکە بدەن. دەبێ هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ ڕاکێشانی هێزەکانی ئاشتیپارێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN یان ئەوانەی بە "کڵاو شینەکان" ناسراون، بۆ ناوچەکانی نێوان هەرێم و عێراق، وەک ئەوەی لە زۆر شوێنی دیکەی جیهان، و ئەمەیان باشترین بژاردەی بەردەم نوێنەرانی کوردستانە لە بەغدا، و هاوکات دەنگ نەدانە بە پرۆژەیەکی هاوشێوەی دەرکردنی هێزەکانی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانانی لە عێراق. ئەو پرۆژەیە کە سەرەداوەکانی دەمێکە دەرکەوتووە و جار نا جار باس دەکرێت و ئێستا بەهۆی هەڵبژارتنەکان تۆزێک بێدەنگ کراوە، بەڵام بە فیتی هەندێ کەس لە نێو ڕژێمی ئێران و بەشێکی نابەرپرسیار لە نێو مەرجەعی شیعە و لەوانەش هەندێ لە سونەکان، بەڵام لە ئاییندەدا و بە بێ دوودڵی و گۆمان، دوور یان نێزیک و زوو و درەنگ پێشکەش دەکرێ. باشترین دەرمان مانی ئەو هێزانەیە لە ناوچەکە و لە عێراق بەتایبەت، و بوونیان یەکێک لە هۆکارەکانی سەقامگیری و ئارامییە، و هۆکاری سەرەکی نەسەقامگیری و فەرتەنە و ئاژاوە و کێشمەکێشەکانی ناوچەکە خۆدی دەستهەڵاتدارانی ناوچەکەن، زیاتر لەوەی کە هاوپەیمانان بن. بڕیاردانی کورد و کوردستانیان لەسەر مانەوەی هاوپەیمانان، وێرای ئەوە کە نەتەوەکانی ناوچە بە داگیرکەر لە قەڵەمیان دەدات، بەڵام بۆ کوردستانیان ئەو بابەتە دیدێکی دیکەی هەیە. چونکە ئەگەر هەموویان داگیرکەرن و هیچ جیاوازییەکیان نەبێ، هەر هیچ نەبێ بۆ ئێمەی کوردستانی پەندی باب و باپیرانمان کە گۆتوویانە "دوژمنی دوژمنم، دۆستە" باشتر لە هەر یاسایەک دەخوات، و خۆ ئەگەر هاپەیمانان بەرژەوەندیخواز بن و بۆ ئێمە دۆستی هەمیشەیش نەبن، بەڵام بە لایەنی کەم هەمیشە وەک تارماییەک لە سەر سەری ئەو نەتەوە خۆپەرێستانە دەبن و فشارە دەروونی و سیاسی و لەشکەرییەکانیان بۆ سەر ئێمە کەمتر و زیانەکانمان لەسەر دەستی ئەوان لە نزمترین ئاستتدا دەبن. ئێمە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، و بە پێی ئەزموونی سەخت و ناخۆشی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ ئەو نەتەوانە، وا فێرکراوین کە متمانە بە دوژمن نەکەین و هەمیشە لە ئاسایيشی دەروونی خۆمان بترسین و ئەوە هەمان ئەو فاکتەرەیە کە زانایانی دەروونناسی بە هۆکارێک و فاکتەرێکی پێویست دەبێن بۆ ئەوەی بیر لە خۆپاراستن بکەینەوە و ئەو ترسە سروشتییە و لە هەمان کاتدا بۆ مانەوە و لەنێونەچوونی ئێمەی کورد پێویستە.

*** پ. ه. لە پسپۆری سایکۆلۆژیای پێداگۆگی/ زانینگەی زاخۆ**